گووتنەوەی وانەیەکی فەلسەفە لە فێرگەی بازاڕگە، لە مەخموور

فێرگەی بازاڕگە لە مەخموور، یەکێکە لە پرۆژە هەرە سەرکەوتووەکانی ڕێکخراوی کۆمەک. ماوەی پێنج ساڵە پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ لەو فێرگەیە بەڕێوە دەچێت. هۆشیاری و ڕادەی تێگەیشتن و دەرککردنی منداڵانی ئەو فێرگەیە، لە ڕاستیکی زۆر بەرزدایە و دڵسۆزی و لێهاتوویی و خۆبەخشی بەڕێوەبەر و مامۆستاکانیش، کەم وێنەیە!

لە گەشتی بەهاری ئەمساڵدا، لە ڕۆژی 2010/4/4 دا بە هاوکاری مامۆستایانی پرۆژەکە، دەرفەت ڕەخسا، کە وانەیەکی فەلسەفی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی بڵێمەوە.

وانەیەکی کێبی ((**7 وانەی فەلسەفی**)) ((**گوڵفرۆشی**))م گوتەوە. منداڵەکان وانەکەیان پێخۆشبوو، باش لە ناوەڕۆکی بابەتەکە تێگەیشتن، ڕێژەی بەشداربوونیان لە گفتوگۆکاندا، ڕێژەیەکی بەرزبوو(**نزیکەی ٨٠ %**) پرسیارەکانیان ژیرانەبوو، بەگشتی چالاکانە لە پرسیارکردن و تێبینی و کۆمێنتاردا بەشداربوون.

پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، فێرگەی بازاڕگە لە مەخموور ٢٠١٠/٤/٤

پوختەی وانەکە، گفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوە و سەرنجەکان، لە شێوەی فیلمێکدا سازکراوە، دەتوانیت فیلمەکە لە بەشی فیلمدا ببینیت.

کەریم مستەفا

www.p4ckurd.net

فەرموون کلیکی ئێرە بکەن بۆ دیتنی فیلمەکە